# كاریگەری تۆڕەكۆمەڵایەتییەكان لەسەر پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانی ئافرەتان لە هەرێمی كوردستاندا سناپچات بە نموونە

فەرهەنگ چەتۆ حسێن [1] پ.ی.د. ئازاد رەمەزان عەلی [2]

[1-2] بە شی تەكنیكی میدیا، كۆلیجی تە كنیكی كارگێری، زانكۆی پۆلی تەكنیكی هەولێر ، هەرێمی كوردستان/ عێراق.

**پوختە**

رۆڵ و كاریگەری تۆڕە كۆمەڵاتییەكان لەسەر تەواوی سێكتەرەكانی ژیان بە تایبەت جەماوەر و كاركردنە سەر ڕا جیاوازەكان هەڵبەت بۆ هەموو پرس و بابەتە جۆراوجۆرەكانی ناو كۆمەڵگا، لە سەردەمی دیجیتاڵ میدیادا تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان كە زادەی شۆڕشی تەكنەلۆژیان، بوونەتە پلاتفۆرمێكی بەهەند وەرگیراوی هەموو دامەزراوەكانی دونیا، بە جۆرێك خاوەنی پێشكەوتوترین دامەزراوە وكۆمپانیا میدیایی و نامیدیاییەكانیش چەندە بەهێز بن، بەڵام وەك پێداویستی تەكنەلۆژیای سەردەم مامەڵەیان لەگەڵدا دەكەن. بێگومان لەپاڵ میدیادا پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەكان پانتاییەكیان بۆ پەیوەندیكردن تەرخان كردووە. هەر بۆیە لە روانگە راگەیاندنەوە ئەم توێژینەوەیە تیشك دەخاتە سەر ئەو تۆڕە كۆمەڵایەتییانە و بەتایبەتیتر سناپ چات بە ناونیشانی (كاریگەری تۆڕەكۆمەڵایەتییەكان لەسەر پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانی ئافرەتان لە هەرێمی كوردستاندا، سناپچات بە نموونە).

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، بۆ شرۆڤەكردنی پەیوەندی نێوان تۆڕە كۆمەڵاتییەكان و هەوڵێكی ئەكادیمی زانستییە بۆ دروستكردنی پەیوەندی لە ڕێگای ئەو تۆڕانەوە، هاوكات ئەم توێژینەوەیە لە جۆری وەسفیی شیكارییە، توێژەر بە مەبەستی بەدیهێنانی داتا و زانیاری ورد و پێویست سەبارەت بە بابەتی توێژینەوە، میتۆدی ڕووپێوی بەكارهێناوە، كۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ئافرەتانی شاری ئاكرێ سامپڵی توێژینەوەكەن، كە نموونەی (١٠٨) كەس لە هەردوو ڕەگەزی مێ وەرگیراون، لە ماوەی(٢٠٢٣/١/١٥) تاكو(٢٠٢٣/٦/٣٠) فۆرمەكان دابەش كراون و كۆكراونەتەوە.

كلیلە وشەییەكان: كاریگەر، تۆڕەكۆمەڵایەتییەكان، پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان، ئافرەتان، هەرێمی كوردستان، سناپچات

**پێشەكی:**

توێژینەوەی زانستی بەیەكێك لە پێوەرە سەركەوتووەكانی سەرجەم بوارە زانستییەكان دادەنرێت، كە دەتوانرێت بەهۆیەوە كێشەی پەیوەست بەبواری كۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، دەروونناسی، مێژوویی و سەرجەم كایەكانی دیكە چارەسەر بكرێت، یان هەر هیچ نەبێت تیشك بخرێتە سەرلایەنە لاوازو شاراوەكانی سەرجەمی كایە پەیوەندیدارەكانی ژیانی مرۆڤایەتی.

لەم نێوەندەدا تۆڕەكۆمەڵایەتییەكان لە سایەی بژاردە تەكنەلۆژییەكانی سەردەمدا وەك بەشێك لە دیجیتاڵ میدیا سەنگ و قورسایی خۆیانیان هەیە لە پەخشكردن وناساندنی چەمكە جیاوازەكان، وەك یەكێك لە جومگە گرنگەكانی پرۆسەی پەیوەندیكردن، كە رۆڵ دەگێرێت لە سەرجەم كایە سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئابوری وئاینی و كلتوری و پەروەردەی...هتد بە هەموو وردەكارییەكانی پەیوەست بەو بوارە بۆتە جێی بایەخی زۆرێك لە تۆرە كۆمەڵایەتییەكان، ئەمەش هەڵگری پرسیارگەلێكە و وەڵامێكی زانستی دەوێت، ئەم هەنگاوەش لە ڕێی توێژینەوەیەكی زانستیەوە بەدی دێت، لەو سونگەیەشەوە ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (كاریگەری تۆڕەكۆمەڵایەتییەكان لەسەر پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانی ئافرەتان لە هەرێمی كوردستاندا سناپچات بە نمونە) هەوڵێكە بۆ دەرخستنی رادەی كاریگەری تۆڕەكۆمەڵایەتییەكان لەسەر پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانی ئافرەتان لە هەرێمی كوردستاندا و سناپچات بە نمونە. ئەم هەوڵانەش كۆمەڵێك هەنگاوە بە مەبەستی بەدیهێنانی سوودێكی زانستی.

ئەم توێژینەوەیە زیاتر جەخت لەسەر پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان دەكات ئەویش بەهۆی زیادبوونی تۆڕەكۆمەڵایەتییەكان لەناو رەگەزی (مێ) لە هەرێمی كوردستان و بەتایبەتیتر لە شاری ئاكرێ، كە شوێنێكی پارێزراوی كۆمەڵایەتییە و دابونەریتەكان زیاتر زاڵن وەك لە شارەكانی تری هەرێمی كوردستان و سەرەڕای هەموو جیاوازییەكان بەڵام بەكارهێنەران و كاریگەری تۆڕەكۆمەڵایەتییەكان لە ئاستێكی زۆرباشدابوون.

باسی یەكەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوە

كێشەی توێژینەوەكە

مجلّة پۆليتكنيك للعلوم الإنسانية والإجتماعية
المجلد ٥، العدد ١ (2024)
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في ٢٥ يناير ٢٠٢٤
حقوق الطبع والنشر © ٢٠٢٤. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

بێگومان ئەنجامدانی هەموو توێژینەوەیەك هەست کردن بە بوونی کێشەیەکی دیاریکراوی نا جێگیر و ناروون و ئاڵۆزە، کەوا لە توێژەر دەکات بە دوای ئەو کێشەیەدا بگەرێت لە هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بێت، هاوکات تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان یەکێك لەو گۆڕانکارییە نوێیانە بوون لە بواری ئینتەرنێتدا هاتە ئاراوە ,ئەم تۆڕەکۆمەڵایەتییانە بە شێوازێکی ئەکتیڤ کاریان کردووە، توانیویانە کاریگەرییان هەبێت لە گۆڕانکارییە سیاسییەکان، کە لەم دواییەدا لە رۆژهەڵاتی ناوەراست بەتایبەت لە کوردستان رویاندا.

کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لەوەی دەمانەوێت بزانین کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە سەر پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان لە چ ئاستێکدایە، ئەو بابەتە نارۆشنە و توێژینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستان لەسەر نەکراوە، پاشان ئەم بابەتە زۆرێک لە پسپۆڕییەکان گرنگی پێ دەدەن، لەوانە زانستی سیاسەت، کۆمەڵناسی سیاسی، راگەیاندن، دەروونناسی، بەڵام هەر پسپۆڕییەو لە گۆشەنیگای خۆیەوە، ئەم توێژینەوەیە لە روانگەی راگەیاندنەوە هەوڵی داوە، ئەو کێشەیە چارەسەر بکات، بەوەی کە تا چ رادەیەک تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بووەنەتە کەناڵێک بۆ پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستاندا، ئەمەش یەکێکە لە گرفتەکانی توێژینەوەکەو هەوڵی دۆزینەوەی وەڵامی گونجاوی بۆ داوە.

لەو روانگەیەوە ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە:-

ئایا تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان رۆڵیان لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان هەبووە؟

ئایا بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان رۆڵیان لە زیادکردنی هوشیاری تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان هەبووە لە کۆمەڵگای توێژینەوەکە؟

ئایا تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان رۆڵ و کاریگەریان لە ئاراستەکردنی زانیاری بەسوود بەتایبەتی لە سەر پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و رەنگدانەوەی لای هاوڵاتیان و کۆمەڵگای توێژینەوەکە، هەبووە؟

ئایا بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بەتایبەتی سناپ چات رۆڵیان لە زیادبوونی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان کۆمەڵگای توێژینەوەکە هەیە؟

تا چ ئاستێك ئافرەتان لە هەرێمی کوردستاندا تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و بەتایبەتیتر سناپ چات لە کاتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا بەکاردەهێنن؟

گرنگیی توێژینەوەکە

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کەناڵێکی نوێیەو تەمەنی چالاکی لە (١٥)ساڵ تێناپەڕێت، لەو ماوەیەدا بە مەبەستی زانینی رۆڵ و کاریگەرییەکانی لەسەر پەیوەندی کۆمەڵایەتی، توێژینەوەی جۆراو جۆر لەسەر ئەم دیاردەیە کراوە، بەڵام توێژینەوەکان هێشتا لە ئاستی پێویست نین، لەبەر هۆکاری کەمی و سنورداریی بوارو مەودای وەرگرتنی نموونەکان، لەبەر ئەوە پێویستی بە توێژینەوەی زیاتر هەیە، هەتا لە کاریگەرییە جیاوازەکانی روون ببێتەوە، بە تایبەتیش لە بواری راگەیاندن، بۆ ئەوەی بزانین تا چ رادەیەک جێی کەناڵەکانی تری پێگەیاندنی گرتۆتەوە، یان لەگەڵ ئەوانی تردا چ پێگەیەکی بۆ خۆی گرتووە.

هەروەها گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە رێژەیەکی زۆر لە خەڵک تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و سناپ چات بەکاردەهێنن و ئومێدی زۆریان لەسەر داناوە بۆ گەیشتن بە ماف و داواکارییەکانیان، دواتریش بووەتە سەرچاوەیەکی سەرەکی وەرگرتنی زانیاری و ئاراستەکردنی هەست و سۆز، بەشێوە گشتییەکەی سەرچاوەیەکی سەرەکییە بۆ زۆربوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی.

پرسیارەکانی توێینەوەکە

جۆری کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لە سەر پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستاندا چیە؟

جۆر و چەمکی کۆمەڵایەتیەکان لە میانەی بەکارهێنانی ئەم تۆڕەکۆمەڵایەتیەدا چین؟

تیۆرەکانی کارییگەری لە میانەی بەکارهێنانی سناپ تشات لە سەر پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی ئافرەتان چین؟

پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان لە میانەی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان چۆنن؟

چەمك و پێناسەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان چین؟

ئامانجەکانی توێژینەوە

بێگومان خاڵی بنەرەتی و پتەوی هەموو توێژینەوەیەك هەڵقوڵاوی سەرنج و دانانی ئامانجەکانێتی. بەو پێیەی بەبێ پشتبەستن بە ئامانج ئەوا توێژینەوەکە لە سەر هیچ بنەمایەك بونیاد نەنراوە. لێرەدا هەوڵی توێژەر لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە خستنە رووی کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانە لە سەر پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستاندا، بۆ ساغکردنەوە یەکلاکردنەوە و گەشتنە بەم ئامانجانەی لای خوارەوە:

زانینی جۆری کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لە سەر پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان لە نێو ئافرەتان لە هەرێمی کوردستاندا.

زانینی جۆر و چەمکی کۆمەڵایەتییەکان لە میانەی بەکارهێنانی ئەم تۆڕەکۆمەڵایەتیەدا.

شەن و کەوکردنی تیۆرەکانی کارییگەری لە میانەی بەکارهێنانی سناپ تشات لە سەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئافرەتان.

زانینی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە میانەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان.

توێژینەوەکانی پێشوو

توێژینەوەی (عەلی عبداللە ساڵح) بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لە لایەن تاك و ئاستی تێربوونی بەکارهێنەر لە هەواڵ و زانیاری لە هەرێمی کوردستان، تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبوك وەك نمونە (٢٠١٨) ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی وەسفیە، میتۆدی رووپێوی تێدا بەکار هاتووە، بەو پێیەی گونجاوترین میتۆدە بۆ زانینی بەکارهێنان و تێربوون. کۆمەڵگە توێژینەوە بریتیە لە دانیشتوانی هەرێمی کوردستان و نمونەی توێژینەوەکەش بەشێوەیەکی هەرەمەکیە کە فۆرمی راپرسی بەشێوەیەکی ئەلیکترۆنی بۆ بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان- تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك بە نمونە لە هەرێمی کوردستان دابەش دەکرێت.

توێژینەوەی (کاظم محمد زاهد) پەیوەندیی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بە نامۆبوون لای گەنجانی زانکۆ، (٢٠١٦). توێژینەوەیەکی شیکاریی وەسفیە، ئامانجی بریتیە لە روونکردنەوەی پاڵنەری بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک لای قوتابیانی زانکۆی سلێمانی، هەروەها پەیوەندیی رێژەی بەکارهێنان بە رەهەندی نامۆبوون بەپێی جیاوازیی رەگەز و پسپۆڕییان.

توێژەر میتۆدی شیکاریی وەسفی لە توێژینەوەکەدا بەکارهێناوەو کۆمەڵگای توێژینەوەی بریتیە لە زانکۆی سلێمانی.

فريد، أشرف عصام، دور مواقع التواصل الاجتماعي في زيادة المعرفة بالقضايا السياسية لدى الشباب الجامعي الأردني، رسالة ماجستير، جامعة الشرق الاوسط الأردن، (٢٠١٦). فريد، أشرف عصام، رۆڵی پێگەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لە

زیادکردنی زانیاری سەبارەت بە ڕووداوە سیاسیەکان. توێژینەوەیەکی وەسفی شیکارییە، ئامانجی بریتیە لە ڕوونکردنەوەی ڕۆڵی ماڵپەرەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە دروستکردنی پاڵنەری سیاسی لای قوتابیانی زانکۆ لە ئوردن، هەروەها پشت بەستن بە زانیارییەکانی ناو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بە شێوەیەکی سەرەکی وەکو سەرچاوەیەکی سەرەکی وەرگرتنی زانیاری، لەگەڵ دیاریکردنی کاریگەریی مەعریفی و ویژدانی و هەڵسوکەوتیی، کە لای گەنجی ئوردنی دروستی کردووە.

المدني، أسامة غازي، دور شبكات التواصل الاجتماعي في تشكيل الرأي العام، لدى طلبة الجامعات السعودية، جامعة أم القرى نموذجا، بحث منشور في مجلة الآداب والعلوم الاجتماعية، جامعة السلطان قابوس، سلطنة عمان، (٢٠١٥). المدني، أسامة غازي، ڕۆڵی تۆڕەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لە پێکهێنانی ڕای گشتیدا. توێژینەوەیەکی وەسفی شیکارییە، ئامانجی بریتیە لە ڕوونکردنەوەی ڕۆڵی تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە دروستکردنی ڕای گشتی لای قوتابیانی زانکۆکانی سعودیە، زانینی ئەو بابەتانەی کە تاووتوێ دەکرێت، پاشان هۆکاری زیادبوونی خێرای بەکارهێنەرانی بۆ چی دەگەڕێتەوە، سەرەڕای دیاریکردنی ئەو هۆکارانەی کە دەبێتە دروستکردنی ڕای گشتی لە ناو قوتابیان.

تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو

دوای ئەوەی باسمان لە گرنگترین ئەو توێژینەوانە کرد، کە لەم بوارەدا ئەنجام دراون وەکو پێویستیەکی توێژینەوەی زانستی پێویست دەکات لەو خاڵەوە دەستپێبکەین، کە ئەوان پێی گەیشتوون، لەگەڵ ئەوەی پێویستە تاوتوێی خاڵی لێکچوون و جیاوازیی ئەم توێژینەوەیەو لەگەڵ ئەوانی تردا بکەین لە ڕووی شوێن و قەبارەی نموونەی وەرگیراو و ئامانج و میتۆدی بەکارهاتووی توێژینەوەکەوە، لەگەڵ دیاریکردنی ئامرازی بەکارهاتوو و ئەو ئەنجامانەی پێی گەیشتوون، بە مەبەستی دیاریکردنی ئاڕاستە و ڕێڕەوی ئەم توێژینەوەیە.

لە ڕووی ئامانجی توێژینەوەکان سەرجەمیان هەمان ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکەی ئێمەیان هەیە، کە بریتیە لە زانینی کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، سەبارەت بە قەبارەی نموونەی وەرگیراو ئەم توێژینەوەیە هاوشێوەی هەریەک لە توێژینەوەکان کۆمەڵێك سامپڵیان وەرگرتووە و لەڕووی قەبارەی نموونەی وەرگیراوەوە، سەرجەم توێژینەوەکان ژمارەی نمونەی وەرگیراویان بەشێوەیەکی زانستی وەرگرتووە هەریەکەیان بەڕێژەی جیاواز.

جۆری نموونەی وەرگیراو تەنها (عەلی عبداللە ساڵح) نەبێ کە دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی وەرگرتووە، ئەوانی تر هەموویان قوتابیانی زانکۆیان وەك نمونەی توێژینەوەکەیان وەرگرتووە، سەبارەت بە شوێنی توێژینەوەکە زۆربەیان لە ناو زانکۆدا ئەنجام دراوە تەنها توێژینەوەکەی (عەلی عبداللە ساڵح) نەبێ کە دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی وەرگرتووە.

سەبارەت بە میتۆدی بەکارهاتوو زۆرینەیان لە جۆری وەسفی شیکارین و پشتیان بە میتۆدی ڕووپێوی بەستووە، بۆ کۆکردنەوەی زانیارییە مەیدانیەکان پشتیان بە (فۆرمی ڕاپرسی، تێبینی، تێبینی بە بەشداری، چاوپێکەوتن، بەڵگەنامەو وێب سایتەکان) بەستووە، لەگەڵ ئەم ئامرازانەدا سوودیان لە جێبەجێکاریەکانی بەرنامەی (S.P.S.S) وەک ئامرازە ئامارییەکانی (ڕێژەی سەدی، ناوەندی ژمێرەیی، لادانی پێوەری، هاوکێشەی پەیوەستی پێرسۆن، هاوکێشەی پەیوەستی سپێرمان براون، هاوکێشەی کا٢) وەرگرتووە، لەگەڵ ئەوەی هەندێکیان بەشێوەیەکی میکانیکی دەستی ڕێژەکانیان دەرهێناوەو شیکردنەوەیان بۆ ئەنجامەکان کردووە.

بە شێوەیەکی گشتی بەکارهێنەران هەست دەکەن، کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە هۆی گەشەکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.

باسی دووەم: لایەنی تیۆری توێژینەوەکە

یەکەم: تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

چەمک و پێناسە

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان: کەناڵێکی دیجیتاڵی کارلێکە، ئاسانکاری دەکات بۆ: دروستکردن و هاوبەشکردنی زانیاری، بیرۆکە، بەرژەوەندی، جۆرەکانی تری دەربڕین لە ڕێگەی کۆمەڵگە و تۆڕە مەجازییەکانەوە.

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ کۆکردنەوەی خەڵک پێناسەکراوە و زۆر فرەوان سەیر کراوە، سەرهەڵدانی ئەم زاراوەیە ڕوون نییە، هەندێک لە توێژەرانی سەرەتایی لە ناوەڕاستی ساڵانی (٢٠٠٠) دا ئاماژەیان بە سۆشیال میدیا کردووە، وەک تۆڕی کۆمەڵایەتی، یان خزمەتگوزاری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

بەهۆی جۆراوجۆری خزمەتگوزارییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، چەندین پێگەی سەربەخۆ و لایەنداری ئاڕاستەکراو بنیات نراوە و لە ئێستادا بەردەستن، گرنگترین ئەو تایبەتمەندییە باوانەی تیایدا بوونی هەیە ئەمانەن: (ریان، ٢٠١٢: ٩-١٢)، بڕوانە: [ Jonathan , Steve, 2015: 745-750]

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کارلێکن، کاروبەرنامەکانی لەسەر بنەمای ئینتەرنێتە.

ناوەڕۆکی بەرهەمهێنراوی بەکارهێنەر، وەک بابەتی دەق، سەرنجەکان، وێنە دیجیتاڵەکان، ڤیدیۆکان و داتاکان لە ڕێگەی هەموو کارلێککردنەکانی ئەمانە بەرهەم دەهێنرێت. [Steve, 2015:39]

بەکارهێنەران پرۆفایلی تایبەت بە خزمەتگوزاری دروستدەکەن بۆ وێبسایت، یان کاربەرنامەیەکە، کە لەلایەن ڕێکخراوی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە دیزاین کراون و پارێزراون.

هەندێک لەماڵپەڕە بەناوبانگەکانی سۆشیال میدیا زیاتر لە ١٠٠ ملیۆن بەکارهێنەری تۆمارکراویان هەیە، ئەوانیش بریتین لە: (فەیسبووک، ماسینجەری پەیوەندیدار، تیکتۆک، ویچات، ئینستاگرام، کیوزۆن، ویبۆ، تویتەر، تامبڵ، بایدو تیبا، لینکیدئین).

بەپێی لێکدانەوەکان، پلاتفۆرمە بەناوبانگەکانی تر، کە هەندێک جار بە خزمەتگوزاری سۆشیال میدیا ناودەبرێن، بریتین لە: (یوتیوب، کیوکیو، کۆرا، تێلیگرام، واتسئەپ، سیگناڵ، LINE، سناپچات، پینتەرسێت، ڤایبەر، ڕێدیت، دیسکۆرد، ڤی کەی، مایکرۆسۆفت تیمەکان ...هتد). ویکیەکان نموونەی دروستکردنی ناوەڕۆکی هاوبەشن[Amy:2021].

جۆرەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان

لە ساڵی ٢٠١٩دا، مێریام-وێبستەر سۆشیال میدیای بە جۆرەکانی پەیوەندی ئەلیکترۆنی (وەک ماڵپەڕەکان بۆ تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و مایکرۆبلۆگ) پێناسە کرد، کە لەڕێگەیانەوە بەکارهێنەران کۆمەڵگەی ئۆنلاین دروستدەکەن بۆ هاوبەشکردنی زانیاری و بیرۆکە و پەیامی کەسی و ناوەڕۆکی دیکە (وەک ڤیدیۆ).

لەکاتێکدا، جۆراوجۆری پەرەسەندنی خزمەتگوزارییەکانی سۆشیال میدیای سەربەخۆ و بنیاتنراو وا دەکات پێناسەکردنیان چالاک بێت.  پسپۆڕانی مارکێتینگ و سۆشیال میدیا بە شێوەیەکی بەرفراوان هاوڕان، کە سۆشیال میدیا ئەم ١٣ جۆرە لەخۆدەگرێت. (حماد، ٢٠١٤: ١٦-١٨) ، بڕوانە:(ردمان، ٢٠٠١: ٣٠-٣٣)

بلۆگەکان (بۆ نموونە: هافینگتۆن پۆست، بۆینگ بۆینگ): لەم بلۆگانە پێویستە بەکارهێنەرئەم جۆرە تۆڕەکۆمەڵایەتییانەی تۆڕەکان هەڵبژێرن لەسەر وێب بەمەبەستی بڵاوکردنەوە و دۆزینەوە و لێدوان لەسەر وتارەکان و بلۆگەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و ناوەڕۆکی تر.

بازاڕکردنی نێوەڕۆک یەکێکە لە بەهێزترین ڕێگاکان بۆ ئامانج، سەرنج ڕاکێشان، تێوەگلان و گۆڕینی بینەری ئامانج. ئەمە دەبێتە بنەمایەك بۆ هەڵمەتە سەرکەوتووەکانی بازاڕکردنی ئۆنلاین، کە لەگۆڕینی پەڕاوەکانی کەمپینەکانی بازاڕکردنی دیجیتاڵ گرینگترین ڕۆڵ دەگێڕن.

وۆردپریس و بلۆگەر پلاتفۆرمی بالۆگۆنی نەریتین، لەکاتێکدا تۆمبلەر (خزمەتگوزاری مایکرۆبلۆگ) و مامناوەند (پلاتفۆرمی بڵاوکردنەوەی کۆمەڵایەتی) نوێترین تۆڕی بڵاوکردنەوە و بلۆگین.[Tirosh, 2015:796-803].

تۆڕەکانی بازرگانی (بۆ نموونە لینکیدئین، XING): ئەم جۆرە تۆڕەکۆمەڵایەتییانە بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ تاکەکان (و براندەکان) لەوێب بەکاردێت. ئەوان یارمەتی بازرگانیەکەت دەدەن لەڕێگەی براندینگ، هۆشیاری کۆمەڵایەتی، پەیوەندی دروستکردن، خزمەتگوزاری کڕیار، نەوەی پێشەنگ و گۆڕین.

دەتوانیت جۆرە جیاوازەکانی هەڵمەتەکانی سۆشیال میدیا لەسەر ئەم تۆڕانە بڵاوبکەیتەوە، کە بۆ فراوانکردنی کارەکانت یارمەتیتدەدات. هەندێک لە سوودەکانی ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییانەی بازاڕکردن بریتین لە:

١- هانی تاکەکان و بزنسەکان دەدەن بۆ کارلێککردنی ئۆنلاین و هاوبەشکردنی داتا و بیرکردنەوەکان بۆ دەستەبەرکردنی پەیوەندییە بەرهەمدارەکانی هاوبەش.

٢- دەتوانی بەدوای باشترین ڕێگادا بگەڕێیت بۆ باشترکردنی کەمپینەکانی بازاڕکردنی ئێستا و پاشان چەند ڕێگەیەکی جۆراوجۆری ئەندامی و پارەدراو دەدۆزیتەوە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە لەفەیسبووک و تویتەر و لینکدین و جۆرە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.( الدناني. ٢٠١١: ٣٢)

پڕۆژەی هاوبەش (بۆ نموونە ویکیپیدیا، مۆزیلا): ویکیپیدیا ئینسایکلۆپیدیایەکی سەرهێڵی فرەزمانە، کە لەلایەن کۆمەڵگایەکی خۆبەخشەوە نووسراوە و لە ڕێگەی سیستەمی بژارکردنی ویکیدا پارێزراوە و هاوکاریکراوە، بۆ بەشداربووانی تاکە، هەروەها پێی دەوترێت سەرنووسەر، کە بە ویکیپیدیا ناسراوە. [ Jacob, 2015:257-275]

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمپانیا (یامەر، سۆشیالکاست): ئەم جۆرەان بنیادنراوە لەسەر بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییە ئۆنلاینەکان، یان پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە لەنێوان ئەو کەسانەی، کە بەرژەوەندی بازرگانی و چالاکی هاوبەش دەکەن.

زۆربەی کات، تۆڕی کۆمەڵایەتی کۆمپانیا ئاسانکارییەکی سۆفتوێری کۆمەڵایەتی کۆمپانیایە (وەک پێکهاتەیەکی سەرەکی کۆمپانیای ٢,٠دادەنرێت)، کە لەبنچینەدا سۆفتوێری کۆمەڵایەتی بەکاردێت لەچوارچێوەی "کۆمپانیا" (بازرگانی/ بازرگانی) گۆڕانکاریەکان لەئینترانێتەکانی کۆمپانیا (کە بەئینترانێتی کۆمەڵایەتی ناودەبرێت) و پلاتفۆرمی تری سۆفتوێری کلاسیکی کە لەلایەن کۆمپانیا گەورەکانەوە بەکاردێت بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی و هاوکاری و لایەنەکانی تری ئینترانێتەکانیان لە خۆ دەگرێ. (Boydy, 2007:2)

مەکۆکان (گایا ئۆنلاین، بۆردەکانی IGN): مەکۆی ئینتەرنێت، یان بۆردی نامە، سایتێکی گفتوگۆی ئۆنلاینە، کە خەڵک دەتوانن گفتوگۆ لەشێوەی نامەی پۆستکراودا ئەنجام بدەن. مەکۆکان جیاوازن لە ژوورەکانی چات، لەبەر ئەوەی زۆرجار نامەکان درێژترن لە یەک دێڕ لە دەق، لانیکەم بۆ ماوەیەکی کاتی ئەرشیف دەکرێن. ڕەنگە پەیامێکی پۆستکراو پێویستی بەپەسەندکردن بێت، لەلایەن بەڕێوەبەرێکەوە پێش ئەوەی بە ئاشکرا دیاربێت، ئەمیش بەپێی ئاستی دەستڕاگەیشتن بەبەکارهێنەرێک، یان ڕێکخستنی مەکۆکەیە.

بەپێی ڕێکخستنەکانی مەکۆکە، بەکارهێنەران دەتوانن ناویان نەبێت، یان ناچاربن لەمەکۆکە ناوی خۆیان تۆماربکەن و دواتر بۆ ژوورەوە بچن، بۆ پۆستکردنی نامە. لەزۆربەی مەکۆکاندا، پێویست ناکات بەکارهێنەران بۆ ژوورەوە بچن بۆ خوێندنەوەی نامەکانی ئێستایان.[ Kaplan, Andreas, 2012:129-139 ]

مایکرۆبلۆگەکان (بۆ نموونە تویتەر، تۆمبلەر): مایکرۆبلۆگینگ میدیایەکی پەخشی ئۆنلاینە، وەک فۆرمێکی تایبەتی بلۆگکردن بوونی هەیە. مایکرۆ-بلۆگ جیاوازە لەبلۆگی تەقلیدی لەبەرئەوەی ناوەڕۆکەکەی بە شێوەیەکی گشتی بچووکترە لەهەردوو قەبارەی فایلەکانی ڕاستەقینە و کۆکراوە. مایکرۆ-بلۆگەکان "ڕێگە بەبەکارهێنەران دەدەن، کە توخمە بچووکەکانی ناوەڕۆک، وەک: ڕستەی کورت، وێنەی تاکەکەسی، یان بەستەری ڤیدیۆیی ئاڵوگۆڕ بکەن، کە ڕەنگە هۆکاری سەرەکی ناوبانگیان بێت. ئەم پەیامە بچووکانە هەندێک جار پێیان دەوترێت پۆستی مایکرۆ. هەندێک لەخزمەتگوزارییەکانی مایکرۆبلۆگینگ ڕێکخستنەکانی پاراستنی نهێنی پێشکەشدەکەن، کە ڕێگە بەبەکارهێنەران دەدات، کۆنترۆڵی ئەوە بکەن، کە کێ دەتوانێت مایکرۆبلۆگەکانیان بخوێنێتەوە، یان ڕێگەی بەدیل هەبێت بۆ بڵاوکردنەوەی نووسراوەکان، جگە لەڕووکاری بنەمادار بەوێب. لەوانەیە ئەمانەش بریتیبن لە: (نامەی کورت، نامەی خێرا، ئیمەیڵ، دەنگی دیجیتاڵی، یان ڤیدیۆی دیجیتاڵی) [Jacob, 2015:57].

هاوبەشکردنی وێنە (فلیکەر، فۆتۆباکێت): هاوبەشکردنی وێنە، بریاییە لە بڵاوکردنەوە، یان گواستنەوەی وێنە دیجیتاڵیەکانە بەشێوەی ئۆنلاین. ماڵپەڕەکانی هاوبەشکردنی وێنە خزمەتگوزارییەکانی وەک: بارکردن، هۆستکردن، بەڕێوەبردن و هاوبەشکردنی وێنەکان (بە شێوەیەکی گشتی یان تایبەت) پێشکەشدەکەن.[ Torish, 2015: 39]

پێداچوونەوە بە بەرهەمەکان/ خزمەتگوزارییەکان (ئەمازۆن، ئێلانس): سایتی پێداچوونەوەی ماڵپەڕێکە، کە دەتوانرێت پێداچوونەوە لەسەر(کەسەکان، بزنسەکان، بەرهەمەکان، یان خزمەتگوزارییەکان) لەسەری بڵاوبکرێتەوە. ئەم ماڵپەڕانە لەوانەیە تەکنیکەکانی وێب ٢.٠ بەکاربهێنن بۆ کۆکردنەوەی پێداچوونەوە لەبەکارهێنەرانی ماڵپەڕەکە، یان لەوانەیە نووسەری پیشەیی بەکاربهێنن بۆ نووسینی پێداچوونەوەکان لەسەر بابەتەکەی نیگەرانی ماڵپەڕەکە (هەمان سەرچاوەی پێشوو).

ئاماژەی کۆمەڵایەتی (بە تام، پینتەرێست): نیشانەکردنی کۆمەڵایەتی خزمەتێکی سەرهێڵە، کە ڕێگە بەبەکارهێنەران دەدات بۆ زیادکردن و ڕوونکردنەوە و بژارکردن و هاوبەشکردنی نیشانەکانی بەڵگەنامەی وێب. لەساڵی ١٩٩٦ەوە، زۆربەی خزمەتگوزاریەکانی بەڕێوەبردنی بوکمارکی ئۆنلاین دەستیانپێکردووە، جا لێرەدا پرۆسیسی بەتام، لە ساڵی ٢٠٠٣ دەستی بەکارەکان کردووە،  زاراوەکانی نیشانەکردنی

کۆمەڵایەتی و تاگکردنی بەناوبانگکرد. تاگینگ تایبەتمەندیەکی گرنگی سیستەمی نیشانەکردنی کۆمەڵایەتییە، ڕێگە بەبەکارهێنەران دەدات، کە نیشانەکانیان ڕێکبخەن و پەرە بەهێنانە کایەوەی وشەی هاوبەش بکەن، کە بەفۆلکسۆنۆمی ناسراوە. (الدناني. ٢٠٠١: ٣٣)

یاری کۆمەڵایەتی (بۆ نموونە جەنگی مافیا): یاری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەندێک جار بە (یاری سۆشیال میدیا، یاری کۆمەڵایەتی، یاری ڤیدیۆیی کۆمەڵایەتی، یان یاری کۆمەڵایەتی ئۆنلاین) ناودەبرێت جۆرێکە لەیاری ئۆنلاین، کە لەڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان یاری پێدەکرێت. بە شێوەیەکی گشتی، تایبەتمەندی میکانیکی یاریکردنی فرە یاریزانیان هەیە. یارییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە سەرەتادا وەک یارییەکانی وێبگەڕ جێبەجێدەکران. لەگەڵ بەرزبوونەوەی یارییەکانی مۆبایل، یارییەکان ڕوویان لەمۆبایلەکانیش کرد.[ Kaplan, Andreas, 2012:129-139 ]

سایتەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان (بۆ نموونە فەیسبووک، گووگڵ): خزمەتگوزاری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، یان ئێس ئێن ئێس هەندێک جار پێی دەوترێت (سایتی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان) پلاتفۆرمێکی سەرهێڵە (ئۆنلاین)، کە خەڵک بەکاری دەهێنن بۆ دروستکردنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، یان پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ کەسانی تردا. (السامرائي، د.حذيفة عبود مهدي: ٢٠١٣. وسائل الاتصال الحديثة وتأثيرها على الأسرة: ١٩.)

هاوبەشکردنی ڤیدیۆ (یوتیوب، ڤیمیۆ): پلاتفۆرمی ڤیدیۆی ئۆنلاین (OVP)، کە لەلایەن خزمەتگوزاری میوانداریکردنی ڤیدیۆوە دابیندەکرێت، بەکارهێنەران دەتوانن ناوەڕۆکی ڤیدیۆیەکە لەئینتەرنێتدا باربکەن، بگۆڕن، هەڵبگرن و پەخش بکەنەوە، زۆرجار لەڕێگەی سیستەمێکی ستراکتۆر و گەورەوە دەکرێت و لەهەندێک دۆخدا دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی داهات. بەگشتی بەکارهێنەران ناوەڕۆکی ڤیدیۆیی لەڕێگەی ماڵپەڕی خزمەتگوزاری هۆستکردن، بەرنامەی مۆبایل، یان سەر مێز، یان ڕووکارەکانی تر (API) باردەکەن. نموونەی OVP یوتیوبە. جۆری ناوەڕۆکی ڤیدیۆیی بارکراو لەوانەیە هەر شتێک بێت لەکورتە فیلمەوە تا بەرنامە و فیلمە تەلەفزیۆنییە تەواوەکان. هۆستی ڤیدیۆ، ڤیدیۆکە لەسەر سێرڤەرەکەی هەڵدەگرێت[ Angeliki, 2015:13-29]

جیهانە مەجازییەکان (ژیانی دووەم، دووانە): جیهانی مەجازی (کە پێی دەوترێت فەزای مەجازی) ژینگەیەکی هاوشێوەی کۆمپیوتەرە، کە لەوانەیە لەلایەن زۆرێک لە بەکارهێنەرانەوە کاری پێبکرێت، دەتوانن ئاڤاتاری کەسی دروستبکەن، سەربەخۆیانە لەیەک کاتدا بەجیهانی مەجازیدا بگەڕێن، بەشداری لە چالاکییەکانیدا بکەن و پەیوەندی لەگەڵ کەسانی تردا بکەن. ئەم ئاڤاتارانە دەتوانن دەقی بن و نوێنەرایەتی گرافیکی، یان ئاڤاتاری ڤیدیۆیی زیندوو بە هەستی بیستن و دەست لێدان بکەن. جیهانە مەجازییەکان پەیوەندییەکی نزیکیان لە گەل جیهانی وێناکراوەکانەوە هەیە. (حماد، ٢٠١٤: ١٦ -٢٢).

تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی سۆشیال میدیا: میدیای نوێ لەهەندێک ڕووەوە گەڵ میدیای کلاسیک هاوئاوازە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا میدیای نوێ کۆمەڵێك تایبەتمەندی تری هەیە، وایکردووە کە کاریگەرییەکەی بسەپێنێ بەسەر پەیوەندییە مرۆییەکان، لەدیارترین ئەو تایبەتمەندیانەش ئەمانەن (مولود، ٢٠٢٠: ٢٣-٢٥)، بڕوانە:(صبحة ٢٠١٨، ٩٥)، (بولعويدات ٢٠٠٨، ٨٤)، (مەحمود ٢٠١٥، ٢٢)

دووەم: پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان

١- چەمک و پێناسە:

پەیوەندی کۆمەڵایەتی پێوەرێکە بۆ ئەوەی مرۆڤەکان چۆن پێکەوە دەژین و کارلێک لەگەڵ یەکتردا دەکەن. پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی تاک پەیوەستە بە کوالیتی و ژمارەی ئەو پەیوەندیانەی، کە تاک بە کەسانی دیکە دەبەستێتەوە لە بازنەی کۆمەڵایەتیدا خێزان و هاوڕێ و ناسیاوەکانی لەخۆدەگرێت. لە دەرەوەی ئەم چەمکانەی ئاستی تاکەکەسی، ئەو پەیوەندیانە دەگرێتەوە، کە لە بازنە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ و تەنانەت کۆمەڵگاکانی دیکەش تێدەپەڕێنن. ئەم پەیوەندییە کە یە کێکە لە فاکتەرە زۆرە یەکگرتووەکانی ناو کۆمەڵگا، سود بە تاک و کۆمەڵگا دەگەیەنێت. (ریمان مصطفى، ٢٠٢٢)

٣- جۆرەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان

پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئاماژەیە بۆ پەیوەندی نێوان تاکەکان یان گروپەکان لە کۆمەڵگادا. ئەم پەیوەندیانە بە پشتبەستن بە سروشت و تایبەتمەندیەکانیان دەتوانرێت بۆ جۆرە جیاوازەکان پۆلێن بکرێن. هەندێک لە باوترین جۆرەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بریتین لە:

١-پەیوەندی خێزانی: بریتیە لە پەیوەندی نێوان ئەندامانی خێزان، لەوانە دایک و باوک و خوشک و برا و باپیر و باپیرە و کەسوکاری تر. پەیوەندی خێزانی بەزۆری لەسەر بنەمای پەیوەندی خوێن یان هاوسەرگیرییە.

٢ -پەیوەندی دۆستایەتی: ئەمانە پەیوەندی خۆبەخشانەن لە نێوان ئەو تاکانەی کە بەرژەوەندی و بەها و ئەزموونی هاوبەشیان هەیە. پەیوەندی هاوڕێیەتی لە هەر قۆناغێکی ژیاندا دروست دەبێت و دەکرێت لەسەر بنەمای پشتیوانی و متمانە و هاوڕێیەتی یەکتر بێت.

٣ .پەیوەندی کار: ئەمانە پەیوەندی پیشەیین، کە لە نێوان هاوکاران لە شوێنی کاردا بوونیان هەیە. پەیوەندییەکانی کارکردن لەوانەیە هاوکاری و کاری تیمی و ڕێزگرتن لە یەکتر لەخۆ بگرێت.

٤- پەیوەندی کۆمەڵایەتی: ئەمانە ئەو پەیوەندییانەن کە لەناو کۆمەڵگەیەکی ناوخۆییدا هەن و تاکەکان لە نزیکەوە لە گەل یەکتردا پێکەوە دەژین یان کاردەکەن (پێرلمان، ٢٠٠٦: ٦٧).

لە کۆتاییدا، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە داڕشتنی ژیانمان و هەستکردن بە بەهای خۆمان وەک مرۆڤ. تێگەیشتن لە جۆرە جیاوازەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانێت یارمەتیدەرمان بێت بۆ بەڕێوەبردنی کارلێکەکانمان لەگەڵ کەسانی دیکە بە شێوەیەکی کاریگەرتر لە هەمان کاتدا پەیوەندییەکی مانادار لەگەڵ ئەوانەی لە دەوروبەرمان دروست دەکەن.

سێیەم: سناپچات

١: ناساندنی سناپچات:

سناپچات وێنەیەکە، یان ڤیدیۆیەکە، کە وێنەکێشان و نووسراوەکانی بۆ زیاددەکرێت، لەمیانەی هاوبەشیکردن لەگەڵ هاوڕێ و خێزانەکاندا، هاوکات بەرنامەکە دوای ماوەیەکی دیاریکراو بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لادەچێت. بەمجۆرە سناپچات خزمەتگوزاری هاوبەشکردنی وێنە، یان ڤیدیۆی کورتی زنجیرەییە. (عوض ٢٠١١) و (کۆنێل: ٢٠٢٠)

سناپچات ئەپێکی ناردنی نامە و بڵاوکردنەوەی وێنە و ڤیدیۆیە، کە لەسەرەتادا تەنها بۆ ناردنی وێنە بوو، (مولود، ۲۰۲۰: ۵۰) دواتر لە ساڵی (۲۰۱۳)پەرەی سەند و ڤێرژنی نوێی دروستکرا خزمەتگوزاری بۆ دەستکاری وێنە و زیاد کردنی فلتەر بڵاوکردنەوەی ستۆری و چەندانی تری بۆ زیادکرا. سناپچات لە ساڵی (۲۰۱۱)لە لایەن "Spiegel Evan " دروستکرا، لەکاتێکدا تەمەنی بیست وحەوت ساڵ بوو و قوتابی زانکۆی ستانفۆردبوو. بەیەکێك لەئەپڵیکەیشنە بڵاو و بەکارهێنراوەکانی ئێستا دادەنرێت، لەناو هەموو توێژەکان بەکارهێنەری هەیە، بەتایبەت لە لایەن گەنجانەوە زۆر برەوی هەیە. شایەنی باسە سناپچات لە ساڵی (۲۰۱۲)بە کۆمپانیای فەیسبووك فرۆشرا بەبڕی یەك ملیار دۆلار (Hern, 2017) .

بەکارهێنەرانی ئەم ئەپڵیکەیشنە سنوری سەد ملیۆن کەسی تێپەراندوە و بەپێی چەند توێژینەوەیەك لە ئەمریکاو ئوردن و سعودیە زۆرینەی ئەوانەی بەکاری دەهێنن تەمەنیان لەنێوان ۱۸-۲٤ساڵدایە. بەپێێی داتاکانی ئەو ئەپڵیکەیشنە، رۆژانە ۷۰۰ ملیۆن وێنەو ڤیدیۆ ئەپلۆد دەکرێت. (ئەحمەد، ۲۰۱۹).

۲: سوودەکانی سناپچات

سناپچات بۆ پەیوەندیکردن ئاسانە، دەتوانرێت بەئاسانی ناسنامەی سناپچات دروستبکرێت، هیچ وردەکاریەکی کەسی هاوبەش نەکراوە، لەبەر کێشەی تایبەتی، لەهەمان کاتدا دەتوانیت بەکەسانی ترەوە پەیوەندی بکەیت، ئەمیش بەهاوبەشیکردنی ناسنامەکەت لەرێگەی سناپچات، یان ناوەندەکانی تر. (عبدالحمید ۲۰۱۲: ۲۰٦). لێرەدا، سناپچات جیاواز لەپلاتفۆرمەکانی تری تۆرە کۆمەڵایەتییەکان، بەرنامەی کاریکە بەکارهێنەرەکە ئاگادار دەکاتەوە هەر کەسێک بیەوێت وێنەکانت سکرین شۆت بکات.

۳: زیانەکانی سناپ چات

سناپچات لە دەرەنجامی بەکارهێنانی ئەو فلتەرانەی هەیەتی، کەسانی گەنج و پیر بە خۆی ئالودە دەکات. هاوشێوەی تۆرە کۆمەڵایەتیەکانی تر کەسەکان دەتوانن کاتێکی زۆر لە زیادکردنی فلتەرە جیاوازەکان بەسەرببەن، بۆ رێژەی دروستکردنی ناسنامەیەکی نوێ لەسەر بنەمای ئەم فلتەرانە.

سناپچات تەنها چڕ بووەتەوە لە ئایفۆن و کاربەرنامەی ئەندرۆید، ئەمیش ئەگەر Windows Mobile یان Blackberry یان لینوکستی هەبێت، کارناکات، بۆیە ناگاتە هەموو بینەرانی ئامانج.

هەموو ڤیدیۆکانی سناپچات دە چرکە درێژن، ئەگەر ناوەرۆکەکەت درێژ بێت، دەبێت چەندین ڤیدیۆ بڵاوبکەیتەوە، ئەمەش لەوانەیە بێزارکەر بێت، ئەگەر ئەوان زۆر بن، جگە لەمەش چیرۆکی سناپچات و ڤیدیۆکان بەئۆتۆماتیکی دەسرێتەوە دوای ۲٤کاتژمێر، ئەمەش وا پێویستدەکات بەدەست ناوەرۆکەکە خەزن بکەیت بۆ دواتر بەکارهێنانی، وێرای نوێکردنەوەی ناوەرۆک لە هەموو رۆژێکدا. (عابد، ۱۹۹۸، ۲٤).

باسی سێیەم: لایەنی مەیدانی

یەکەم: رێکارە مەیدانیەکانی توێژینەوە

میتۆدی توێژینەوەکە: زانایانو توێژەران لەسەر پێناسەو ناساندنێکی دیاریکراو بۆ میتۆدی توێژینەوە کۆك نینو چەندین پێناسەی جیاجیایان بۆ ئەو چەمکە خستووەتەڕو. هەندێك پێیانوایە، میتۆدی توێژینەوە بریتییە لەو ڕێگایەی پشت بەکۆمەڵێك ئامڕازو بنەما دەبەستێت تا لەرێیەوە بگاتە ئەنجامێکی زانستی. یاخود هەوڵێکی وردو ڕێکخراوو رەخنەگرانەیە بۆ گەیشتن بە چارەسەری ئەو کێشانەی ڕوبەڕوی مرۆڤایەتی دەبنەوەو دەبنەهۆی دڵەراوکێو شڵەژانو شپرزەکردنی مرۆڤ، هەندێکی دیکەیش لەسەر ئەوە کۆکن کە توێژینەوەی زانستی، پشکنینو کنەکردنێکی وردو ڕێکخراوە بە ئامانجی دۆزینەوەی زانینو ڕێگەیەکی ڕێکخراویشە بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکانو گونجاندنیان. کەواتە، میتۆدی توێژینەوەی زانستی، هەوڵێکی زانستی ڕێکخراوە بەئامانجی گەیشتن بەچارەسەری کێشەو دۆزینەوە نادیارەکان، بەڵام بەڕێگەو ڕێبازی جیاجیا، کە ئەویش جۆری بابەتی توێژینەوەکە دیاریدەکات. بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەو گەیشتن بەئەنجامێکی دروستو خوازراو، توێژەر، یەکێك لە میتۆدە زانستیەکانی بەکارهێناوە کە ئەویش میتۆدی (وەسفی شیکارییە)هو مەبەست لێی وێنەگرتنو شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی خەسڵەتی کۆمەڵێکی دیاریکراوە، یان هەڵویستێکی دیاریکراوە کە سیفەتێکی دیاریکراو بەسەریدا زاڵە، یان توێژینەوەی ئەو زانیارییانەیە کە پەیوەستن بەسروشتی دیاردەیەك، هەڵویستێك، کۆمەڵێك لەخەڵك، چەند روداوو بارودۆخێك. هەروەها وێناکردنی پەیوەندی نێوانیانو نێوان دیاردە کاریگەرو کارتێکراوەکانیش، لەگەڵ وێناکردنی پەیوەندیی نێوان گۆڕاوەکان بەبەکارهێنانی رێگەو ئامرازی زانستی .

رێبازی توێژینەوەکە: دیاریکردنی ڕێبازی توێژینەوە لە سۆنگەی جۆری کێشەی توێژینەوەکەوە، کە بتوانێت گرنگی و ئامانجی توێژینەوەکە بەرجەستە بکات، یەکێکی ترە لە بنەما زانستیەکانی هەر توێژینەوەیەك. بۆ ئەم توێژینەوەیە، ڕێبازی ڕووپێوی، لە ڕێگەی فۆرمی ڕاپرسیەوە بەکارهاتووە کە گۆڕاوە سەرەکی و لاوەکیەکانی، بەمەبەستی دەستڕاگەیشتن بە داتاو زانیاری ورد لە خۆگرتووە، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی شیکردنەوەیانەوە مەبەست و ئامانجی توێژینەوەکە جێبەجێ بکات.

کۆمەڵگەی توێژینەوە: هەموو ئەو کەسانەن کە توێژینەوەکە دەیانگرێتەوە، بەپێی بابەتی توێژینەوە و ئامانجی توێژینەوەکە دیاری دەکرێن. کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ئافرەتانی شاری ئاکرێ لە هەرێمی کوردستاندا.

سنوری توێژینەوە: سنوری توێژینەوەکە، بەسەر دوو بواری سەرەکیدا دابەشدەبێت، کە بریتین لە:

۱- بواری شوێن: کۆمەڵگەو نمونەی توێژینەوەکە، ئافرەتانی شاری ئاکرێ .

۲- بواری مرۆیی: لەم بوارەی توێژینەوەکەدا، (۱۲۰) فۆرم بەسەر ئافرەتانی شاری ئاکرێ لەو لەو فۆرمانەش (۱۰۸) فۆرم گەڕاونەتەوە.

۳- سنوری کات: لەم توێژینەوەیەدا، بواری کات زۆر بە هەند وەرگیراوە، کە بریتییە لە (۲۰۲۳/۱/۱ تا ۲۰۲۳/٦/۳۰) وەرگیراوە.

کەرەستەکانی توێژینەوەکە: چەند ڕێگەو ئامرازێك بۆ ئەو توێژینەوانەی بەمیتۆدی (وەسفی و شیکارییە) کە لە فۆرمی ڕاپرسیو چاوپێکەوتنی کەسیو تێبینیکردن، پێکدێن. ئەم ئامرازانەیش بۆ بەدەستهێنانی زانیارییە لەو نمونانەی توێژینەوەکە دەیانگرێتەوە. توێژەر، بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی پێویست لەسەر توێژینەوەکە، ئەم ڕێگەو کەرەستانەی بەکارهێناوە:

۱- تێبینیکردن (الملاحظە):

۲- فۆرمی راپرسی (الاستبیان):

دووەم: خستنەڕووی زانیاری

تەمەن

خشتەی (۱) تەمەنی سامپلی توێژینەوەکە دەردەخات

لە میانی خشتەی (١)دا، دابەشبوونی بەرتوێژینەوەکان بە گوێرەی تەمەن دەردەکەوێت، لە خشتەکەدا ئەوە روون دەبێتەوە، کە زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە لە چوارچێوەی تەمەنی نێوان (١٨ – ٢٢)ساڵیدان، کە ڕێژەکەیان گەیشتووەتە لە (٥٨,٣٪) لە ریزبەندیی یەکەمدایە، بە دوای ئەویشدا تەمەنی نێوان (٢٣ – ٢٧) ساڵی دێت، کە لە ریزبەندی دووەمدایە، ئەمەش ڕێژەی بەشداربوون تیایدا لە (١٣٪) بوو، ئینجا ریزبەندی سێیەم دێت، ئەوانە دەگرێتەوە، کە تەمەنیان لە نێوان (٣٣ – ٣٧) ساڵیدایە، کە ڕێژەیان لە (١٢٪)ە، ، ئەوانەی کە تەمەنیان لە نێوان (٢٨ – ٣٢) ساڵیدایە، لە ریزبەندی چوارەمدان کە ڕێژەیان لە (١١٪)ە،لە ریزبەندی دواهەمینیشدا ئەو تەمەنانە دەگرێتەوە کە لە نێوان (٣٨ ساڵ و زیاتر)ن کە ڕێژەیان لە نێوان (٩٪) ئەمەش ئەوە بەدەردەخات، کە زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە گەنج و پێگەیشتوون لە ڕووی تەمەنەوە.

پیشە

خشتەی (٢) پیشەی سامپڵی توێژینەوەکە دەردەخات

| پیشە | دوبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | ریزبەندی |
|---|---|---|---|
| نەخوێندەوار | 4 | 3.7 | چوارەم |
| بنەڕەتی | 24 | 22.2 | دووەم |
| ئامادەیی | 24 | 22.2 | دووەم |
| دبلۆم | 10 | 9.3 | سێیەم |
| بەکالۆریۆس | 46 | 42.6 | یەکەم |
| کۆی گشتی | 108 | 100.0 | |

لە میانی خشتەی (٢)دا، کە دەکاتە دابەشبوونی تاکەکانی بەرتوێژینەوەکانی سامپڵی توێژینەوەکە دەنوێنێت، بە گوێرەی ئاستی خوێندن، بەو پێیەش دەردەکەوێت زۆرینەی هەرە زۆریان هەڵگری بڕوانامەی (بەکالۆریۆس)ن، کە لە رووی ڕێژەی بەشداریکردنەوەش، لە ڕیزبەندی یەکەمدان، بە ڕێژەی لە (٤٢,٦٪)، دوای ئەوانیش هەڵگرانی بڕوانامەی (ئامادەیی و بنەڕەتی) دێت، لە ریزبەندی دووەمدان بە ڕێژەی لە (٢٢,٢ %)، لە ڕیزبەندی سێیەمیش هەڵگرانی بڕوانامەی (دبلۆم)ن بە ڕێژەی (٩,٣) کۆتا ریزبەندیش ریزبەندی چوەرمە لە بە (نەخوێندەوار) ئەژمار دەکرێن بە ڕێژەی (٣,٧) بە گوێرەی ئاستی خوێندن ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە هەڵگری بڕوانامەی (بەکالۆریۆس)ن بەڕێژەی بەشداربوونیان لە (٤٢,٦٪)یە. ئەمە وا دەکات تێگەیشتنیان بۆ بابەتی توێژینەوەکە پتر بێت و ڕەنگدانەوەی هەبێت لەسەر جۆری ئەو زانیارییانەی، دواتریش جۆری ئەنجامەکانی توێژنەوەکە، دەتوانرێت پشتیان پێ بەسترێت، یاخود وەربگیرێن.

باری خێزانی

خشتەی (٣) باری خێزانی سامپڵی توێژینەوەکە دەردەخات

| باری خێزانی | دوبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | ریزبەندی |
|---|---|---|---|
| سەڵت | 55 | 50.9 | یەکەم |
| خێزاندار | 53 | 49.1 | دووەم |
| کۆی گشتی | 108 | 100.0 | |

بە سەرنجدان لە خشتەی سەرەوەدا، ئەو دەرئەنجامە دەردەخات، کە زۆرترینی سامپڵی توێژینەوەکە (سەڵت)ن و بە ڕێژەی (٥٠,٩) لە ریزبەندی یەکەمدان و (خێزاندار) لە ریزەندی دووەمدان بە ڕێژەی (٤٩,١) ئەم ڕێژەیەش ڕاستەوانە دەگونجێت لەگەڵ خشتەی (١) کە زۆرترینیان تەمەنیان لە نێوان (١٨- ٢٢) ساڵیدان.

چەند ساڵە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکار دەهێنیت؟

خشتەی (٤) ڕێژەی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەردەخات

| ڕێژەی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان | دوبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | ریزبەندی | ناوەندین |
|---|---|---|---|---|
| کەمتر لە ساڵێك | 10 | 9.3 | پێنجەم | ٧,٩٤ |
| 1-3 ساڵ | 27 | 25.0 | دووەم | |
| 4-6 ساڵ | 35 | 32.4 | یەکەم | |
| 7-9 ساڵ | 14 | 13.0 | چوارەم | |
| 10ساڵ و زیاتر | 22 | 20.4 | سێیەم | |
| کۆی گشتی | 108 | 100.0 | | |

| تەمەن | دوبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | ریزبەندی |
|---|---|---|---|
| 18-22 | 63 | 58.3 | یەکەم |
| ٢٣ - ٢٧ | 13 | 12.0 | دووەم |
| ٢٨ - ٣٢ | 11 | 10.2 | چوارەم |
| ٣٣ - ٣٧ | 12 | 11.1 | سێیەم |
| 38زیاتر | 9 | 8.3 | پێنجەم |
| کۆی گشتی | 108 | 100.0 | |

بە پێی خشتەی (٤) دەرکەوتووە زۆرینەی بەشداربووانی نموونەی توێژینەوە، ئەوانەن کە (٤-٦) ساڵە، کە ڕێژەیان (٣٢,٤٪) یە، پاشان (١-٣ ساڵ) کە ڕێژەیان (٢٥٪) ، ئەوانەی (10ساڵ و زیاتر) و بە ڕێژەی (٢٠,٤٪) و (٧- ٩) بەڕێژەی (١٣٪) و (کەمتر لە ساڵێك) بە ڕێژەی (٩,٣٪)یە ناوەندینی ڕێژەی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بریتییە لە (٧,٩٤) ساڵ.

ڕۆژانە چەند کاتژمێر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکار دەهێنیت؟

خشتەی (٥) ڕێژەی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕۆژێکدا دەردەخات

| ڕێژەی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕۆژێکدا | دوبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | ریزبەندی |
|---|---|---|---|
| کەمتر لەیەک کاتژمێر | 21 | 19.4 | سێیەم |
| 1-3کاتژمێر | 35 | 32.4 | دووەم |
| 4-6کاتژمێر | 38 | 35.2 | یەکەم |
| 7کاتژمێر زیاتر | 14 | 13.0 | چوارەم |
| کۆی گشتی | 108 | 100.0 | |

لە خشتەی (٥) ئەو ئەنجامانەی بۆمان دەرچوون، ئاماژەن بۆئەوە دەکەن کە زۆربەی سامپڵی توێژینەوەکە ڕێژەی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیان لە ڕۆژێکدا لە نێوان (٤-٦) بەپلەی یەکەم دێن،دوای ئەوە بەپلەی دووەم (١-٣)کاتژمێر، بەپلەی سێیەم (کەمتر لە١کاتژمێر)،بەپلەی چوارەم (٦کاتژمێر زیاتر) تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن. ئەمەش ئەوە ڕووندەکاتەوە کە سامپڵی توێژینەوەکە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیان لە ئاستێکی بەرزدایە لە نێوان کاتژمێرەکانی (٤ -٦) کاتژمێرییە لە ڕۆژێکدا.

خشتەی (٦) ڕێژەی بەکارهێنانی سناپچات لە ڕۆژێکدا دەردەخات

| ڕێژەی بەکارهێنانی سناپچات لە ڕۆژێکدا | دوبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | ریزبەندی |
|---|---|---|---|
| کەمتر لەیەک کاتژمێر | 11 | 10.2 | چوارەم |
| 1-3کاتژمێر | 39 | 36.1 | یەکەم |
| 4-6کاتژمێر | 34 | 31.5 | دووەم |
| 7کاتژمێر زیاتر | 24 | 22.2 | سێیەم |
| کۆی گشتی | 108 | 100.0 | |

لە خشتەی (٦) ئەو ئەنجامانەی بۆمان دەرچوون، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە زۆربەی سامپڵی توێژینەوەکە ڕێژەی بەکارهێنانی سناپچات لە ڕۆژێکدا لە نێوان (١-٣) بەپلەی یەکەم دێت، دوای ئەوە بەپلەی دووەم(٤-٦)کاتژمێر، بەپلەی سێیەم (٧ کاتژمێر زیاتر)، بەپلەی چوارەم (کەمتر لە١کاتژمێر)،) سناپچات بەکاردەهێنن. ئەمەش ئەوە ڕووندەکاتەوە کە سامپڵی توێژینەوەکە بەکارهێنانی سناپچات لە ئاستێکی مامناوەنددایە لە نێوان کاتژمێرەکانی (١ -٣) کاتژمێرییە لە ڕۆژێکدا.

ڕۆژانە لەگەڵ چەند کەس چات دەکەی لە سناپ چات؟

خشتەی (٧) ڕێژەی بەشداری چاتی سناپچات لە ڕۆژێکدا دەردەخات

ڕۆژانە چەند کاتژمێر سناپچات بەکار دەهێنیت؟

| ڕێژەی بەشداری چاتی سناپچات لە ڕۆژێکدا | دوبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | ریزبەندی |
|---|---|---|---|
| یەك کەس | 7 | 6.5 | سێیەم |
| ١-٢ کەس | 45 | 41.7 | دووەم |
| زیاتر لە ٣ کەس | ٥٦ | ٥١,٨٥ | یەکەم |
| کۆی گشتی | 108 | 100.0 | |

لە خشتەی (٧) ئەو ئەنجامانەی بۆمان دەرچوون، ئاماژەن بۆ ئەوە دەکەن کە زۆربەی سامپڵی توێژینەوەکە ڕێژەی بەشداری چاتی سناپچات لە ڕۆژێکدا دەردەخات لە نێوان (زیاتر لە ٣ کەس) بەپلەی یەکەم دێت، دوای ئەوە بەپلەی دووەم (١-٢)کەس، بەپلەی سێیەم (یەك کەس)، بەشداری لە سناپچات دەکەن.

ئەمەش ئەوە ڕووندەکاتەوە کە سامپڵی توێژینەوەکە و ژمارەی بەشداربووانی سناپچات لە ئاستێکی یەرزدایە کە (زیاترە لە ٣ کەس) لە ڕۆژێکدا.

بۆ چ ئامانجێک سناپ چات بەکاردەهێنیت؟

خشتەی (٨) ئامانجی بەکارهێنانی سناپچات دەردەخات

| | | دوبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ئاست |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بواری خۆشی و کات بەسەربردن | بەردەوام | 29 | 26.9 | ١,٧٣١٥ | ٠,٤٤٥٢٥ | مامناوەند |
| | هەندێکجار | 79 | 73.1 | | | |
| | هیچ | - | - | | | |
| | کۆی گشتی | 108 | 100.0 | | | |
| دۆزینەوە ناسینی هاوڕێی نوێ | بەردەوام | 23 | 21.3 | ١,٩٧٢٢ | ٠,٦٣٣٣٢ | مامناوەند |
| | هەندێکجار | 65 | 60.2 | | | |
| | هیچ | 20 | 18.5 | | | |
| | کۆی گشتی | 108 | 100.0 | | | |
| بەدەستهێنانی زانیاری | بەردەوام | 14 | 13.0 | ١,٩٣٥٢ | ٠,٤٣٨٢٠ | مامناوەند |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| و ئاگاداربوون لە هەواڵ و زانيارييەکان | هەندێکجار | 87 | 80.6 | | | |
| | هيچ | 7 | 6.5 | | | |
| | کۆی گشتی | 108 | 100.0 | | | |
| بۆ دروستکردنی پەيوەنديیە کۆمەڵايەتييەکان | بەردەوام | 20 | 18.5 | ١,٨٧٠٤ | ٠,٤٧٥٤٣ | مامناوەند |
| | هەندێکجار | 82 | 75.9 | | | |
| | هيچ | 6 | 5.6 | | | |
| | کۆی گشتی | 108 | 100.0 | | | |
| بۆ بەبازاڕکردنی خۆم و بەهرەکانم | بەردەوام | 6 | 5.6 | ٢,٧١٣٠ | ٠,٥٦٤٥٤ | بەرز |
| | هەندێکجار | 19 | 17.6 | | | |
| | هيچ | 83 | 76.9 | | | |
| | کۆی گشتی | 108 | 100.0 | | | |
| ئاڵوگۆڕی وێنەو ڤيديۆ | بەردەوام | 26 | 24.1 | ١,٨٢٤١ | ٠,٥٢٦٤٧ | مامناوەند |
| | هەندێکجار | 75 | 69.4 | | | |
| | هيچ | 7 | 6.5 | | | |
| | کۆی گشتی | 108 | 100.0 | | | |
| ئاڵوگۆڕکردنی ستڕيکی ڕۆژانە | بەردەوام | 31 | 28.7 | ١,٧٥٠٠ | ٠,٥١٣٨٣ | مامناوەند |
| | هەندێکجار | 73 | 67.6 | | | |
| | هيچ | 4 | 3.7 | | | |
| | کۆی گشتی | 108 | 100.0 | | | |
| کێبڕکێکردن لە گەڵ هاوڕێکانم لە سەر زۆرترين ستريک | بەردەوام | 22 | 20.4 | ٢,١٥٧٤ | ٠,٧٣٨٣٠ | مامناوەند |
| | هەندێکجار | 47 | 43.5 | | | |
| | هيچ | 39 | 36.1 | | | |
| | کۆی گشتی | 108 | 100.0 | | | |
| بۆ کارئاسانی ئەرکە پيشەييەکانم | بەردەوام | 13 | 12.0 | ٢,٥٥٥٦ | ٠,٧٠١٥٨ | بەرز |
| | هەندێکجار | 22 | 20.4 | | | |
| | هيچ | 73 | 67.6 | | | |
| | کۆی گشتی | 108 | 100.0 | | | |
| بۆ قازانج و بەدەستهێنانی داهاتی دارايی | بەردەوام | 8 | 7.4 | ٢,٨٠٥٦ | ٠,٥٥٤٦٥ | بەرز |
| | هەندێکجار | 5 | 4.6 | | | |
| | هيچ | 95 | 88.0 | | | |
| | کۆی گشتی | 108 | 100.0 | | | |
| خۆنمايشکردن | بەردەوام | 3 | 2.8 | ٢,٢٤٠٧ | ٠,٤٩٠٤٨ | مامناوەند |
| | هەندێکجار | 76 | 70.4 | | | |
| | هيچ | 29 | 26.9 | | | |
| | کۆی گشتی | 108 | 100.0 | | | |
| بۆ ئاشنابوون بە چالاکيیە ميدياييەکان | بەردەوام | 7 | 6.5 | ٢,٢٣١٥ | ٠,٥٥٧١٤ | مامناوەند |
| | هەندێکجار | 69 | 63.9 | | | |
| | هيچ | 32 | 29.6 | | | |
| | کۆی گشتی | 108 | 100.0 | | | |
| بۆ خۆناساندن و گەياندنی ديدو | بەردەوام | 1 | .9 | ٢,٦٨٥٢ | ٠,٤٨٦٢٢ | بەرز |
| | هەندێکجار | 32 | 29.6 | | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بۆچوونەکانم | هیچ | 75 | 69.4 | | | |
| | کۆی گشتی | 108 | 100.0 | | | |

لەم خشتەی (٨) ڕێژەی ئامانجی و بەکارهێنانی سناپ چات دەردەخات بە پێی پلەبەندی لە لایەن لێتوێژراوی توێژینەوە جیاکراوەتەوە بەو شێوەیەی خوارەوە ڕوونی دەکەینەوە:

لەوەڵامی پرسیاری (بواری خۆشی و کات بەسەربردن) و بەپێی ئەم خشتەیە (بەردەوام) ڕێژەی ئەوانەی کە بەکاریدەهێنن (26.9)، (هەندێجار) ڕێژەی ئەوانەی کە بەکاریدەهێنن (73.1)، (هیچ) ڕێژەی ئەوانەی کە بەکاریدەهێنن (٠)یە، ناوەندی ژمێرەیی دەکاتە (١,٧٣١٥) و لادانی پێوەری (٠,٤٤٥٢٥)ە ئاستی بەکارهێنانی لەلایەن لێتوێژەرانەوە ئاستێکی (مامناوەند)یە.

لەوەڵامی پرسیاری (دۆزینەوە ناسینی هاوڕێی نوێ) و بەپێی ئەم خشتەیە (بەردەوام) ڕێژەی ئەوانەی کە بەکاریدەهێنن (21.3)، (هەندێجار) ڕێژەی ئەوانەی کە بەکاریدەهێنن (60.2) ، (هیچ) ڕێژەی ئەوانەی کە بەکاریدەهێنن (18.5)یە، ناوەندی ژمێرەیی دەکاتە (١,٩٧٢٢) و لادانی پێوەری (٠,٦٣٣٣٢)ە ئاستی بەکارهێنانی لەلایەن لێتوێژەرانەوە ئاستێکی (مامناوەند)یە.

لەوەڵامی پرسیاری (بەدەستهێنانی زانیاری و ئاگاداربوون لە هەواڵ و زانیارییەکان) و بەپێی ئەم خشتەیە (بەردەوام) ڕێژەی ئەوانەی کە بەکاریدەهێنن (13.0)، (هەندێجار) ڕێژەی ئەوانەی کە بەکاریدەهێنن (80.6)، (هیچ) ڕێژەی ئەوانەی کە بەکاریدەهێنن (6.5)یە، ناوەندی ژمێرەیی دەکاتە (١,٩٣٥٢) و لادانی پێوەری (٠,٤٣٨٢٠)ە ئاستی بەکارهێنانی لەلایەن لێتوێژەرانەوە ئاستێکی (مامناوەند)یە.

لەوەڵامی پرسیاری (بۆ دروستکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان) و بەپێی ئەم خشتەیە (بەردەوام) ڕێژەی ئەوانەی کە بەکاریدەهێنن (18.5)، (هەندێجار) ڕێژەی ئەوانەی کە بەکاریدەهێنن (75.9)، (هیچ) ڕێژەی ئەوانەی کە بەکاریدەهێنن (5.6)یە، ناوەندی ژمێرەیی دەکاتە (١,٨٧٠٤) و لادانی پێوەری (٠,٤٧٥٤٣)ە ئاستی بەکارهێنانی لەلایەن لێتوێژەرانەوە ئاستێکی (مامناوەند)یە.

لەوەڵامی پرسیاری (بۆ بەبازاڕکردنی خۆم و بەهرەکانم) و بەپێی ئەم خشتەیە (بەردەوام) ڕێژەی ئەوانەی کە بەکاریدەهێنن (5.6)، (هەندێجار) ڕێژەی ئەوانەی کە بەکاریدەهێنن (17.6)، (هیچ) ڕێژەی ئەوانەی کە بەکاریدەهێنن (76.9)یە، ناوەندی ژمێرەیی دەکاتە (٢,٧١٣٠) و لادانی پێوەری (٠,٥٦٤٥٤)ە ئاستی بەکارهێنانی لەلایەن لێتوێژەرانەوە ئاستێکی (بەرز)یە.

لەوەڵامی پرسیاری (ئاڵوگۆڕی وێنەو ڤیدیۆ) و بەپێی ئەم خشتەیە (بەردەوام) ڕێژەی ئەوانەی کە بەکاریدەهێنن (24.1)، (هەندێجار) ڕێژەی ئەوانەی کە بەکاریدەهێنن (69.4)، (هیچ) ڕێژەی ئەوانەی کە بەکاریدەهێنن (6.5)یە، ناوەندی ژمێرەیی دەکاتە (١,٨٢٤١) و لادانی پێوەری (٠,٥٢٦٤٧)ە ئاستی بەکارهێنانی لەلایەن لێتوێژەرانەوە ئاستێکی (مامناوەند)یە.

لەوەڵامی پرسیاری (ئاڵوگۆڕکردنی ستریکی ڕۆژانە) و بەپێی ئەم خشتەیە (بەردەوام) ڕێژەی ئەوانەی کە بەکاریدەهێنن (28.7)، (هەندێجار) ڕێژەی ئەوانەی کە بەکاریدەهێنن (67.6) ، (هیچ) ڕێژەی ئەوانەی کە بەکاریدەهێنن (3.7)یە، ناوەندی ژمێرەیی دەکاتە (١,٧٥٠٠) و لادانی پێوەری (٠,٥١٣٨٣)ە ئاستی بەکارهێنانی لەلایەن لێتوێژەرانەوە ئاستێکی (مامناوەند)یە.

لەوەڵامی پرسیاری (کیبرکێکردن لە گەڵ هاوڕێکانم لە سەر زۆرترین ستریک) و بەپێی ئەم خشتەیە (بەردەوام) ڕێژەی ئەوانەی کە بەکاریدەهێنن (20.4)، (هەندێجار) ڕێژەی ئەوانەی کە بەکاریدەهێنن (43.5)، (هیچ) ڕێژەی ئەوانەی کە بەکاریدەهێنن (36.1)یە، ناوەندی ژمێرەیی دەکاتە (٢,١٥٧٤) و لادانی پێوەری (٠,٧٣٨٣٠)ە ئاستی بەکارهێنانی لەلایەن لێتوێژەرانەوە ئاستێکی (مامناوەند)یە.

لەوەڵامی پرسیاری (بۆ کارئاسانی ئەرکە پیشەییەکانم) و بەپێی ئەم خشتەیە (بەردەوام) ڕێژەی ئەوانەی کە بەکاریدەهێنن (12.0)، (هەندێجار) ڕێژەی ئەوانەی کە بەکاریدەهێنن (20.4)، (هیچ) ڕێژەی ئەوانەی کە بەکاریدەهێنن (67.6)یە، ناوەندی ژمێرەیی دەکاتە (٢,٥٥٥٦) و لادانی پێوەری (٠,٧٠١٥٨)ە ئاستی بەکارهێنانی لەلایەن لێتوێژەرانەوە ئاستێکی (بەرز)یە.

لەوەڵامی پرسیاری (بۆ قازانج و بەدەستهێنانی داهاتی دارایی) و بەپێی ئەم خشتەیە (بەردەوام) ڕێژەی ئەوانەی کە بەکاریدەهێنن (7.4)، (هەندێجار) ڕێژەی ئەوانەی کە بەکاریدەهێنن (4.6)، (هیچ) ڕێژەی ئەوانەی کە بەکاریدەهێنن (88.0)یە، ناوەندی ژمێرەیی دەکاتە (٢,٨٠٥٦) و لادانی پێوەری (٠,٥٥٤٦٥)ە ئاستی بەکارهێنانی لەلایەن لێتوێژەرانەوە ئاستێکی (بەرز)یە.

لەوەڵامی پرسیاری (خۆنمایشکردن) و بەپێی ئەم خشتەیە (بەردەوام) ڕێژەی ئەوانەی کە بەکاریدەهێنن (2.8)، (هەندێجار) ڕێژەی ئەوانەی کە بەکاریدەهێنن (70.4)، (هیچ) ڕێژەی ئەوانەی کە بەکاریدەهێنن (26.9)یە، ناوەندی ژمێرەیی دەکاتە (٢,٢٤٠٧) و لادانی پێوەری (٠,٤٩٠٤٨)ە ئاستی بەکارهێنانی لەلایەن لێتوێژەرانەوە ئاستێکی (مامناوەند)یە.

لەوەڵامی پرسیاری (بۆ ئاشنابوون بە چالاکیە میدیاییەکان) و بەپێی ئەم خشتەیە (بەردەوام) ڕێژەی ئەوانەی کە بەکاریدەهێنن (6.5)، (هەندێجار) ڕێژەی ئەوانەی کە بەکاریدەهێنن (63.9)، (هیچ) ڕێژەی ئەوانەی کە بەکاریدەهێنن (29.6)یە، ناوەندی ژمێرەیی دەکاتە (٢,٢٣١٥) و لادانی پێوەری (٠,٥٥٧١٤)ە ئاستی بەکارهێنانی لەلایەن لێتوێژەرانەوە ئاستێکی (مامناوەند)یە.

لەوەڵامی پرسیاری (بۆ خۆناساندن و گەیاندنی دیدو بۆچوونەکانم) و بەپێی ئەم خشتەیە (بەردەوام) ڕێژەی ئەوانەی کە بەکاریدەهێنن (.9)، (هەندێجار) ڕێژەی ئەوانەی کە بەکاریدەهێنن (29.6)، (هیچ) ڕێژەی ئەوانەی کە بەکاریدەهێنن (69.4)یە، ناوەندی ژمێرەیی دەکاتە (٢,٦٨٥٢) و لادانی پێوەری (٠,٤٨٦٢٢)ە ئاستی بەکارهێنانی لەلایەن لێتوێژەرانەوە ئاستێکی (بەرز)یە.

بە سەرنجدان لەوەڵامی پرسیارەکانی ئەم خشتەیە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئامانج لە بەکارهێنانی سناپچات دەردەخات لە ئاستێکی بەرز و مامناوەندایە کە بوەتە دیدگایەك بۆ ناساندن و خۆنمشایشکردن و قازانجی دارایی و ئاشنابوونی بە چالاکییەکان.

خشتەی (٩) ئەنجامی تاقیکردنەوەی (T) بۆ فۆرمی ڕاپرسی

| نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانە | نمرەی ئازاد DF) | بەهای (T) | | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | ئەژمارکراو | خشتەیی | |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | يى | ) | | | (٠,٠٥) |
| ١٠٨ | ١٩٩,٥٦ | ١٣,٢٣ | ١٧٠ | ١٧٨ | ٢٩,٨٨ | ١,٩٦ | ٠,٠٠ بەڵگەدارە |

لەخشتەی (٩)دا ئەوە دەردەکەوێت، کە ڕێژەی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لای نموونەی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی گشتی لەئاستێکی زۆرباشدابوو.

دەرئەنجامەکان

دوای تەواوکردنی لایەنی تیۆری و کۆکردنەوەی زانیاری و داتاکان، شرۆڤەکردن و شیکردنەوەی خشتە ئامارییەکان توێژەر گەیشتە چەند دەرئەنجامێکی گرنگ.

تەواوی لێتوێژراوان تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بە ڕێژەی جیاواز بەکاردێنن.

بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لێکەوتە و کاریگەری ئەرێنی هەیە لە پرۆسەی پەیوەندیکردن لەناو تاکەکانی کۆمەڵگا لە هەرێمی کوردستاندا.

تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵ و پەیجە کەسییەکان و گشتییەکان دروست کردووە.

لە نێوان کۆی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان وێب تیڤی بە زۆرترین ڕێژە بۆ پەیوەندییکردن بەکاردێت.

زۆرێك لەو ئافرەتانەی کە سناپچات بەکاردەهێنن، کەسانی کەم ئەزموون و بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵ پەیامەکانیان پەخش و بڵاوناکەنەوە، ئەمەش کاریگەری لەسەر پشتگوێخستنی بنەمای بەرپرسیارێتی دەبێت.

یەکێک لە هۆکارێکی تر لە لاوازی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لای ئافرەتان ئاشنانەبوون و پابەندنەبوونیانە بە یاسا و ڕێسا ئیتیکیەکان و پشت گوێ خستنی پەیماننامەی شەرەفی ڕۆژنامەنووسی.

تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و سناپچات لە ئێستادا لەناو گەنجاندا و بەتایبەتیتر لەناو ئافرەتاندا گرنگیەکی زۆری پێدەدرێت ئەویش بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی دروست بوو، لەناو گەنجان و ئافرەتاندا.

لیستی سەرچاوەکان

کتێب بە زمانی عەرەبی

أثر وسائل التواصل الحديثة على العلاقات الاجتماعي والأسرية. ٢٠١٤. حماد، شكري عبد الحميد ديوان قاضي القضاة/ المجلس الأعلى للقضاء الشرعي.

- نامە و تێزی ماستەر و دکتۆرا

مولود، دڵان إسماعیل. ٢٠٢٠. بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ پەیوەندییە گشتییەکان لە کارگێڕی گشتیدا، لە هەرێمی کوردستان (توێژینەوەیەکی وەسفی – شیکارییە). زانکۆی صەلاحەدین، کۆلێژی ئەدەبیات- بەشی ڕاگەیاندن، بەسەرپەرشتی: د. هوشیار مزەفەر عەلی، هەولێر-کوردستان، شوبات ٢٠٢٠.

حورية بولعويدات. ٢٠٠٨. استخدام تكنولوجيا الاتصال الحديثة في المؤسسة الاقتصادية الجزائرية. قسطينة، جزائر: رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة منتوري.

الدناني، عبد الملك ردمان. ٢٠٠١. الوظيفة الإعلامية لشبكة الانترنيت، رسالة ماجستير، جامعة بغداد، قسم الإعلام، بغداد.

شافلي عوض عبدالفضيل احمد.٢٠١٥. فاعلية العلاقات العامة في تطوير اداء المؤسسات الحكومية. سودان: رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة السودان للعلوم والتكنولوجي.

صاحبي صبحة. ٢٠١٨. اتجاهات الشباب الجزائري نحو مصادر الاخبار بين العالم التقليدي و العالم الجديد. جزائر: رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة العربي بن محد، كلية العلوم االجتماعية واالنسانية

عوض، حسن. ٢٠١١. أثر مواقع التواصل الاجتماعي في تنمية المسؤولية المجتمعية لدى الشباب. دراسة ماجستير غير منشورة. جامعة القدس المفتوحة. القدس.

توێژینەوەی (عەلی عبدالله ساڵح) (٢٠١٨) بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لە لایەن تاك و ئاستی تێربوونی بەکارهێنەر لە هەواڵ و زانیاری لە هەرێمی کوردستان، تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبوك وەك نمونە.

فريد، أشرف عصام، (٢٠١٦)، دور مواقع التواصل الاجتماعي في زيادة المعرفة بالقضايا السياسية لدى الشباب الجامعي الأردني، رسالة ماجستير، جامعة الشرق الاوسط الأردن،

المدني، أسامة غازي، (٢٠١٥)، دور شبكات التواصل الاجتماعي في تشكيل الرأي العام، لدى طلبة الجامعات السعودية، جامعة أم القرى نموذجا، بحث منشورفي مجلة الآداب والعلوم الاجتماعية، جامعة السلطان قابوس، سلطنة عمان،

توێژینەوەی (کاظم محمد زاهد) (٢٠١٦)، پەیوەندیی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بە نامۆبوون لای گەنجانی زانکۆ.

- گۆڤاری زانستی

العولمة والهوية الثقافية. د.محمد عابد، مجلة المستقبل العربي. ١٩٩٨. عدد ٢٢٨).

ماڵپەرە ئەلکترۆنییەکان

دەروونناسی کۆمەڵایەتی پەیوەندییەکان" لە نووسینی ئانیتا ئێڵ ڤانجێلیستی و دانیال پێرلمان - بۆ یەکەمجار لە ساڵی ٢٠٠٦ بڵاوکراوەتەوە.

کتێب بە زمانی ئینگلیزی

Aichner, T.; Jacob, F. 2015. "Measuring the Degree of Corporate Social Media Use". International Journal of Market Research.

Dennis, Amy. 2017. Social Media Outlets Ruling the World". Nice Branding Agency. Retrieved October 10, 2021.

Nikolinakou, Angeliki. 2020. Do human values matter for promoting brands on social media? How social media users' values influence valuable brand‐related activities such as sharing, content creation, and reviews"". Journal of Consumer Behavior. 19 (1): doi:10.1002/cb.1790. S2CID 210535859. Retrieved November 14, 2021.

Obar, Jonathan A.; Wildman, Steve. 2015. "Social media definition and the governance challenge: An introduction to the special issue". Telecommunications Policy.

Schejter, A.M.; Tirosh, N. 2015. ""Seek the meek, seek the just": Social media and social justice". Telecommunications Policy.

1. The use of social media networks has a positive impact on the process of communication between individuals in the Kurdistan Region.

2. Taking into account responsibility and the impact of social media networks on women's social relationships in the Kurdistan Region. Snapchat, for example, is a relative matter among the research sample. That is, some members of the sample consider the principle of responsibility when directing and broadcasting media messages to their opposition children to be weak, meaning that they do not follow this principle correctly. .

3. Many women who use Snapchat are inexperienced and do not broadcast their messages professionally, which affects the neglect of the principle of responsibility.

4. Users of social media platforms and Snapchat have a weak sense of social responsibility due to irresponsible messages that do not take into account the social values of the Kurdish community.

5. Another reason for women's weak social responsibility is their lack of familiarity with laws and ethical rules, their commitment to them, and their disregard for the journalistic code of honor.

6. Social networking and Snapchat are currently of great importance to young people, especially women, to bridge the gap that has arisen between young people and women.

Then the researcher presented some suggestions, the most important of which are:

1. The Ministry of Culture and Youth in the Kurdistan Regional Government should pay more attention to the pages and social networks that broadcast Kurdish work.

2. Establishing a special agency to monitor social media pages and networks that broadcast in the Kurdish language in general and without discrimination, with the aim of improving professional media.

3. To regulate the media and improve its performance, the Kurdistan Parliament, together with experts and academics in the field of media, ethics and law, is trying to update the Press Law and the Social Media Law and issue new media and appropriateness laws. The current era of the Kurdistan Region.

The impact of social media networks on women's social relationships in the Kurdistan Region, for example Snapchat


| | |
|---|---|
| Farhang chato Hussein | Erbil Polytechnic University |
| Asst.Prof. Dr. Azad Ramazan Ali | Erbil Polytechnic University |



Summary

The role of social media networks and their impact on all sectors of life, especially audiences and work with different opinions, but with regard to all societal issues, in the age of digital media, social media networks are a product of the technological revolution, no matter how powerful they are. Media and non-media institutions and companies deal with them as a necessity. Necessities of modern technology. Naturally, alongside the media, digital platforms have provided a space for communication. Therefore, from the point of view of the media, this study focuses on these social networks, especially Snapchat, with the title (The impact of social networks on women's social relationships in the Kurdistan Region, for example Snapchat).

The importance of this research lies in that it is an academic and scientific attempt to create relationships through these networks. This research is descriptive and analytical. The researcher used the survey method to obtain detailed data and information about the research topic. The research sample consisted of 108 people of both genders. It was taken from 1/15/2023 to 6/30/2023, and the forms were distributed and collected.

This research consists of three parts, the first part describes the general framework of the study, and the second part describes the study, which consists of three discussions.

The third part, which is the field aspect of the research, discusses the analysis of the data and tables obtained through the survey form, and finally presents the results, conclusions and recommendations. The most important findings of this study are:

The most important data collection tools are interviews and survey forms, which consist of 21 topics. Statistical tools such as SPSS were used to analyze the data and present the results.